شێوازی بینین ( observation )

ئەو زانیاریانە کە توێژەر لە ڕێگەی بینین بەدەستی دێنێت کەمتر دەتوانێت لە ڕێگاکانی دیکە کە پێشتر باسمان کرد بە دەستی بێنێت ، لەبەر ئەوەی ئەم ڕێگایە ( بینین ) دەرفەت بە توێژەر دەدات کە بابەتی توێژینەوەکە ڕاستەوخۆ ببینێت و ڕاستییەکان ڕاستەوخو و بە چاوی خۆی دەبینێت . هەروەها کە لە کۆنەوەش وتوویانە : " هیچکات بیستن وەکو بینین نیە " . ئەمە ڕاستیەکە کە بیستنی تایبەتمەندی و ڕەهەندەکانی بابەتێک و کۆکردنەوەی زانیاری لە سەری لە ڕێگەی بیستن هەرگیز وەکوئەوە نیە کە ئەو بابەتە بە چاوی خۆت ببینی ، لەبەر ئەمە توێژەران گرنگیەکی تایبەتی بە شێوازی بینین دەدەن و لەو توێژینەوانەی کە دەکرێت بە بینین ئەنجام بدرێت پشتی پێ دەبەستن .
ئەم شێوازە هەم بۆ زانستە علمی و تاقیگەیەکان بەکار دێت و هەم بۆ زانستە وێژەیی و کۆمەڵایەتییەکان .

***جۆرەکانی بینین :***

١- ***بینینی هاوبەش :*** لەم شێوازە توێژەر خۆی تێکەڵ بەو شوێنە دەکات کە توێژینەوەی لە سەر دەکات واتا دەبێتە بەشێک و ئەندامێکی بابەتی توێژینەوەکە . لەو توێژینەوانە کە لە بواری کۆمەڵناسی ، خەڵکناسی ، پەروەردە و هتد ئەنجام دەدرێن توێژەر بۆ ئەوەی کە بە وردی و بە دروستی لە بابەتی توێژینەوەکە تێبگات و بتوانێت مافی توێژینەوەکە بدات دەبێت خۆی تێکەڵ بە خەڵک و بابەتی توێژینەوەکە بکات ، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کە ماوەیەکی زۆر لە گەڵ ئەو کۆمەلگەیە بژیەت کە توێژینەوەی لەسەر دەکات تاکو وردە وردە ئاشنا و شارەزای تایبەتمەندی و بەهاکانیان ببێت . بەم جۆرە لە بینینە " بینین لە ناو کۆمەڵگەش " دەڵێن لەبەر ئەوەی توێژەر دەچێتە ناو کۆمەڵگە و دەبێتە یەکێک لەوان و لەوێوە درگایەک بۆ بینینی ڕاستیەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکاتەوە .

٢- ***بینینی ناهاوبەش ( غەیر هاوبەش ) :*** بە پێچەوانەی شێوازی هاوبەش ئەم شێوازە زۆر لە بابەتی توێژینەوەکە ورد نابێتەوە لەبەر ئەوەی توێژەر لە دەرەوە چاودێری ئەو

کۆمەڵگەیە دەکـات کە تـوێژینەوەی لەسـەر ئەنجـام دەدات کە واتـا ئەو زانیاریـانەش کە کۆیان دەکاتەوە رووکەشی و سەتحی ( سطحی ) یـن و ناتوانێـت لەم رێـگەیە بە وردی بە قووڵی لە بابەتی توێژینەوەکە بکۆڵێتەوە .بۆ نمونە تەنها دەتوانێت وێنەیەکـی رووکەشـی و ئاسایی لە سەر هەندێداب و نەریتی تاکەکانی کۆمەڵگە بخاتە روو .

٣- ***بینینی تاکە کەسی :*** بینینێکە کە لە لایەن یەک کەسەوە ئەنجام دەدرێت واتا یەک توێژەر . ئەو زانیاریانە کە لەم رێگەیە کۆدەبێتەوە لەوانەیە هەڵە و کەموکورتی تێدا بێت .

٤- ***بینینـی گروپـی :*** لە رێـگەی زیـاتر لە کەسـێکەوە ئەنجـام دەدرێـت واتـا هاوکـات چەنـد توێژەرێـک پـێکەوە بـابەتی تـوێژینەوەکە دەبیـنن و لە کۆتاییـدا بە هـاوبیری یەکتـر دەرەنجامی هاوبەش دەخەنە روو . لایەنی پـۆزەتیقی ئەم شـێوازە لەوە دایە کە رووداو و زانیاریەکـان لە لایەن هەمـوو یـان زۆریـنەی تـوێژەران پەسـەند دەکـرێن هەروەهـا ئەگەر بابەتێـک لە لایەن یەکێـک لە تـوێژەران بەرچـاو نەکەوێـت لە لایەن توێژەرەکـانی دیـکە دەبینرێت و تۆمار دەکرێت .

٥- ***بینینی ئاشکرا :*** لەم شێوازە توێژەر بە فەرمی و ئاشکرا دەچێتە ناو ژینگەی تـوێژینەوەکە و بابەتی توێژینەوەکە دەخاتە ژێر چاودێری راستەوخۆی خۆی . ئەم شێوازە دەبێتە هـۆی ئەوەی کە ئەوانە لە ژێـر چـاودێرین بەتـایبەت ئەگەر مـرۆڤ یـان گیانـدار بـن بـارودۆخی ئاسـایی خۆیـان بگـۆڕن و بە شـێوەی ناسروشـتی هەڵسـوکەوت بـکەن کەواتـا تـوێژەر ناتوانێت راستییەکان بدۆزێتەوە یان بەدەست بهێنێت .

٦- ***بینینی شاراوە :*** لەم شێوازە توێژەر بە شێوەی ئاشکرا لە ژیـنگە و بـابەتی تـوێژینەوەکە خـۆی دەرناخـات بەڵکـو بە نـافەرمی و شـاراوە دەچێـتە نـاو ژیـنگەی تـوێژینەوەکە و بارۆدۆخەکە دەخاتە ژێر چاودێری خۆی . بۆ نموونە تـوێژەر تـوێژینەوە لەسـەر قوتابیـانی قۆنـاغێکی دیـاریکراو دەکـات لێـرەدا تـوێژەر خـۆی وەکـو قوتـابیەکی نـوێ دەناسـێنێت و هەڵسوکەوتی قوتابیـان دەخـاتە ژێـر چـاودێری خـۆی ، یـان لە جیـاتی ئەوەی بچێـتە نـاو

ژووری وانەوتنەوە بە بێ ئەوەی قوتابیان هەستی پێبکەن کامێرای چاودێری لە ناو ژووری وانەوتنەوە دادەنێت و بەم شێوازە چاودێری هەڵسوکەوتی قوتابیەکان دەکات .

***لایەنە ئەرێنیەکانی شێوازی بینین :***

١- لەبەر ئەوەی توێژەر لەناو ژینگەی توێژینەوکە دایە و پەیوەندیەکی راستەوخۆ لە رێگەی بینین و بیستن دروست دەکات ئەو زانیاریانەی کە کۆ دەکرێنەوە راست و وردن ، لەبەر ئەمە ئەم شێوازە یەکێکە لە باشترین شێوازەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری .

٢- قەبارەی ئەو زانیاریانە کە لە ژینگە و تاک و کەسەکان کۆ دەکرێتەوە، فراوانە ، بەتایبەت ئەگەر لە رێگەی ئامێرەکانی چاودێری کۆبکرێنەوە.

٣- ئەم شێوازە بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانن باسی بارودۆخی خۆیان بکەن شێوازێکی گونجاوە وەکو منداڵان ، ئەوانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە و هتد.

٤- ئەم شێوازە دەکرێت وەکو شێوازی کۆنترۆڵ بۆ شێوازەکانی دیکە کە پێشتر باسمان کرد بەکاربێت .

٥- دەرفەتی کۆکردنەوەی زانیاری راست و تێگەییشتنی راستەوخۆ لە رەفتارو رووداوەکان لەم رێگەیە زۆرترە ، چونکە تاکەکان لەوانەیە لەکاتی وتووێژ بابەتێک بشارنەوە بەڵام ئەگەر بینین بە شێوەی ئاسایی و دروست ئەنجام بدرێت راستییەکان ون نابن و هەڵسوکەوت و رووداوەکان وەکو خۆی بۆ توێژەر دەردەکەوێت .

٦- کێشەی کلتوری و زمانی کەمتر کاریگەری لە سەر ئەنجامدانی شێوازی بینین دەکات ، بۆ نموونە هەندێک زانیاری کە ناکرێت لە رێگەی زمان بە دەست بێت لە رێگەی بینین بەدەست دێت .

***لایەنە نەرێنیەکانی شێوازی بینین :***

١- شێوازی بینین لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و سنوردار گونجاوە و بۆ توێژینەوەیەکی فراوان و کۆمەڵگەیەکی گەورە گونجاو نیە  چونکە کۆکرنەوەی ژمارەیەکی زۆری توێژەر کە شارەزایی باشیان لە شێوازیبینین هەبێت زەحمەتە و بە ژمارەیەکی کەمی توێژەریش ناکرێت لە سەر کۆمەڵگەیەکی گەورە شێوازی بینین جێبەجێ بکرێت .

٢- له شێوازی بینینی شاراوه له بەر ئەوەی ناکرێت هەمان کات زانیارییەکان بنووسرێنەوە و بۆی هەیە پاشتریش کە زانیارییەکان دەنووسرێنەوە هەندێکیان لە بیری توێژەر نەمێنێت کەواتا هەندێک کەموکورتی بۆ توێژینەوەکە دروست دەبێت .

٣- لەوانەیە هەندێک جار بە هۆی ئامادەبوونی توێژەر لە ناو ژینگەی توێژینەوەکە بارودۆخی ئاسایی و سروشتی ژینگەکە بگۆڕێت و ئەو کات ئەو زانیاریانە کە کۆدەکرێنەوە بەها و نرخی زانستییان نامێنێت.

٤- شێوازی بینین بۆ ئەو توێژینەوانە کە کاتێکی زۆری پێویستە گونجاو نیە .

***میتۆدەکانی ئاماژەدان بە سەرچاوە :***

بە شێوەیەکی گشتی لە نوسینی توێژینەوەی زانستی و کتێب بە سێ شێواز ئاماژە بە سەرچاوە دەکەین . لێرەدا بە بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی میتۆدەکان بکەین سەرەتا باسی ئەم سێ میتۆدە دەکەین و پاشان چەند میتۆدێک بە وردی باس دەکەین .

***١- میتۆدی (شێوازی) پەراوێز نووسی یان ژێرنووسی سەرچاوەکان + لیستی کۆتایی سەرچاوەکان***

ئەم میتۆدە بەراورد بە میتۆدەکانی دیکە تەمەنێکی زۆرتری هەیە . لەم شێوازە هەر لاپەڕەیەک ژمارەی سەرچاوەی تایبەت بە خۆی هەیە بەم مانایە ئەگەر لە لاپەڕەی یەکەم چوار سەرچاوەمان بە کار هێنا لە ژێرەوەی هەمان لاپەڕە ئاماژە بەهەر چوار سەرچاوەکان دەکەین و پاشان بۆ لاپەڕەی دووەم ژمارەی سەرچاوەکان دووبارە لە یەک دەست پێدەکاتەوە و بۆ نموونەلە لاپەڕەی دووەمیش شەش سەرچاوەمان بەکار هێنا دووبارە لە ژێرەوەی هەمان لاپەڕە ئاماژە بە ئەو شەش سەرچاوەیە ئەکەین ئەو کات جارێکی دیکە لە لاپەڕەی سێیەم ژمارەی سەرچاوەکان لە یەک دەست پێدەکات و چەند سەرچاوەمان بەکار هێنا لە خوارەوەی لاپەڕەکە سەرچاوەکان دەنووسین و بەم شێوازە تا کوتایی توێژینەوەکەمان بەردەوام دەبین . ئەوەی کە لە پەراوێز پێویستە ئاماژە بە چی سەرچاوەکە بکەین و چۆن بینووسین دواتر باسی دەکەین .

دەربارەی هەموو ئەو سەرچاوانەیش کە لە توێژینەوە یان کتێبەکەمان بەکارمان هێناوە ئەوە دوای نووسینی دەرەنجام و راسپاردەکان لە لاپەڕەیەکی تایبەتی بەناوی لیستی سەرچاوەکان ئاماژە بە هەموویان ئەکەین کە دواتر چۆنیەتی ئاماژەدان بە لیستی کۆتایی سەرچاوەکان باس

ئەکەین .

***٢- میتۆدی (شێوازی) زنجیرە یان یەک لەدوای یەک+ لیستی کۆتایی سەرچاوەکان***

لەم میتۆدە لە پەراوێزی لاپەڕەکان ئاماژە بە تایبەتمەندی سەرچاوەکان ناکەین بەڵکو لە کۆتایی هەر بەشێک ئاماژە بە سەرچاوەکانی ئەو بەشە دەکەین واتا دوای تەواوبوونی هەر بەشێک چەند لاپەڕەیەک بۆ نووسینی ئەو سەرچاوانەی کە لەو بەشە بەکارمان هێناوە تەرخان دەکەین . خاڵێکی دیکەی گرنگ لەم میتۆدە ئەوەیە کە ئەگەر بۆ نموونە لە لاپەڕەی یەکەمی توێژینەوەکەمان ئاماژەمان بە سێ سەرچاوە کرد لە لاپەڕەی دووەم ژمارەی سەرچاوەکان دووبارە لە یەک دەست پێ ناکات بەڵکو لە ژمارە چوار دەست پێدەکات هەر لەبەر ئەمەیە کە بەم شێوازە دەڵێین شێوازی یەک لەدوای یەک ، چونکە هەموو ژمارەکانی هەر بەشێک لەدوای یەک و بە زنجیرە دەنووسین بەڵام هەر کاتێک بەشەکانی دیکەمان دەست پێکرد سەر لە نوێ لە ژمارە یەک دەست پێدەکەین واتا دوای ئەوەی بەشی یەکەم تەواو کراو ژمارەی سەرچاوەکان بۆ نموونە گەییشتە بیست سەرچاوە ئەو کات کە دەستمان کرد بە نووسینی بەشی دووەم دووبارە لە ژمارە یەک دەست پێدەکەین بەم شێوەیە بەردەوام دەبین تا دەگەیینە کۆتایی توێژینەوە یان کتێبەکەمان .

دەربارەی هەموو ئەو سەرچاوانەش کە لە توێژینەوە یان کتێبەکەمان بەکارمان هێناوە ئەوە دوای نووسینی دەرەنجام و راسپاردەکان لە لاپەڕەیەکی تایبەتی بەناوی لیستی سەرچاوەکان ئاماژە بە هەموویان ئەکەین کە دواتر چۆنیەتی ئاماژەدان بە لیستی کۆتایی سەرچاوەکان باس ئەکەین .

***٣- میتۆدی ( شێوازی ) ناو ناوەڕۆک + لیستی کۆتایی سەرچاوەکان***

ئەم میتۆدە بەراورد بە دوو میتۆدەکەی سەرەوە نوێترە . لەم شێوازە توێژەر پاش ئەوەی کە سەرچاوەیەکی بەکار هێنا بۆ ئاماژەدان بە سەرچاوەکە یەکسەر لە هەمان لاپەڕە و بەرامبەر ئەو تێکست یان دەقە کەبەکاری هێناوە کەوانەیەک (  ) دەکاتەوە و پاشان لەناو کەوانەکە ئاماژە بە سێ دانە لە تایبەتمەندییەکانی سەرچاوەکە دەکات کە ئەوانیش بریتین لە : ١- ناوی گەورە یان فامیلی نووسەر ٢- ساڵی بڵاوبوونەوەی سەرچاوەکە ٣- ژمارەی لاپەڕەکە . بۆ نموونە " فرانسیس فۆکۆیاما " کتێبێکی هەیە بە ناوی " بونیادنانی دەوڵەت " کە ساڵی ٢٠٠٩ کراوە بە کوردی ، ئەگەر لاپەڕە ٢٧ ی ئەم ئەم کتێبەمانە بە کار هێنا یەکسەر دوای ئەو دەقەی کە لەم

کتێبە بەکارمان هێناوە کەوانەیەک دەکەینەوەو دەنووسین : ( فۆکۆیاما ، ٢٠٠٩ ، ٢٧ ) .
دەربارەی هەموو ئەو سەرچاوانەش کە لە توێژینەوە یان کتێبەکەمان بەکارمان هێناوە ئەوە دوای نووسینی دەرەنجام و راسپاردەکان لە لاپەڕەیەکی تایبەتی بەناوی لیستی سەرچاوەکان ئاماژە بە هەموویان ئەکەین کە دواتر چۆنیەتی ئاماژەدان بە لیستی کۆتایی سەرچاوەکان باس ئەکەین .